زانكۆی سەڵاحەدین – هەولێر

Salahaddin University – Erbil

# كەریم شارەزا

## ژیان و ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی

**١٩٢٨-٢٠١٥**

ئەم توێژینەوەیە پێشكەشكراوە بە سەرۆكایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەكراوە لەلایەن قوتابی:

**زەردەشت مشیر طاهر**

بەسەرپەرشتی:

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ**

**ئایار - ٢٠٢٣**

بسم الله الرحمن الرحيم

| |
|---|
| وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلْمًا |

القران الكريم سورة- طه ١١٤

# پێشکەش

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بۆ درێژە دان بە خوێندن.
- ✓ هەموو ئەو کەسانەی بەدوای زانست و زانیارییدا دەگەڕێن.
- ✓ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان.

## سوپاس و پێزانین

- ✓ بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە یارمەتی داین بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوە.
- ✓ دایک و باوکی خۆشەویستم کە ڕەنج و ماندووبونێکی زوریان لەگەڵمدا کێشا.
- ✓ سەرپەرشتیارەکەم د.هۆشنگ ساڵح نەجارٍ بۆ سەرپەرشتیکردن و پێدانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.
- ✓ هەموو ئەو هاوڕێ و کەسە خۆشەویستەکانم کە ئەگەر بەوشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە.

## هێما کورت کراوەکان

### أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

## ناوەڕۆک

بابەت

لاپەڕە

پێشەکی ................................................................................................ (٧)

تەوەری یەکەم

بنەماڵە و ژیان و پێگەیشتنی کەریم شارەزا.......................................................(٩)

تەوەری دووەم

ڕۆلی سیاسی و نەتەوایەتیی کەریم شارەزا.....................................................(١٦)

تەوەری سێیەم

ڕۆڵی ڕۆشنبیری کەریم شارەزا.............................................................. ...(٢٥)

ئەنجام ..................................................................................................(٣٤)

لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان...........................................................(٣٥)

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە ژیاننامەی کەسایەتییە کوردەکان گرنگە، بەتایبەت ئەوانەی لە بواری سیاسی و نەتەوایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، خزمەتیان کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزنرخاندنی هەوڵ و کۆشش و ماندووبوونی ئەو جۆرە کەسانە، کە دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە مێژووی نەتەوایەتییمان، لەلایەکی دیکەوە، بەسەرکردنەوەی ژیاننامەی ئەوکەسانە دەبێتە ئەزموونێک بۆ نەوەی تازە، تا شوێنپێی ئەوجۆرە کەسانە هەڵبگرێت و لەسەر هەمان ڕێبازی نەتەوەییانەی ئەواندا بڕۆن، کەریم شارەزا یەکێکە لەو کەسایەتییە نەتەوەییانەی کورد کە هەوڵ وکۆشش و خەباتی لە پێناو نەتەوەکەی ئەوە دەهێنێت لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستییدا لە ڕووی مێژووییەوە بەسەر بکرێتەوە.

### گرنگی ئەم بابەتە :

کەریم شارەزا یەکێکە لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسە ناسراوەکانی کورد، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە بزووتنەوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی سەردەمی خۆیدا گێڕاوە، چ لەبواری ڕۆژنامەوانی، یان لە بواری نوسیندا. هەروەها خاوەن پەیامێکی گرنگی نەتەوایەتی بوو لە شاری هەولێر و کۆیە، کە ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی ڕۆشنبیرانی کوردستاندا بووە. بە جۆرێک ئەگەر کەریم شارەزا و ئەحمەد دڵزاری برای نەبوونایە، ئەوا لە ئێستادا هیچ دەستکەوتێکی ڕۆشنبیریی ئەو دوو شارەمان لە بەر دەست نەدەبوو، بەتایبەتی لەو کاتی کوردستان لە ڕووی ڕۆشنبیریی و چاپەمەنییەوە لە دۆخێکی خراپ دا بوو بۆیە کەریم شارەزا و برایەکەی لە پێشەنگی ئەو کەسایەتییانە بوون کە توانیان بە ڕەنج و ماندووبوونی خۆیان، کوردستان ڕۆشن بکەنەوە .

### هۆکاری هەلبژاردنی ئەو ناونیشانە :-

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە من زۆرجار ناوی کەریم شارەزام بەرگوێ دەکەوت، پرسیارم دەکرد ئەم کەسایەتییە کێیە؟، دواتر بۆ دەرکەوت کە کەریم شارەزا کەسایەتییێکی ناسراوی کورد بووە، رۆڵێکی دیاری هەبووە لە بواری ڕۆشنبیریی و سیاسی شاری

هەولێر و کۆیە بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی، بۆیە دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتیارم، بڕیارم دا توێژینەوەکەم لە سەر ئەم ناونیشانە بێت.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوە، لە پێشەکی و سێ تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان، لە تەوەری یەکەمدا، باسی ژیاننامەی کەریم شارەزا و خانەوادەکەی کراوە، تاکوو مردنی. تەوەری دووەم باس لە ڕۆڵی کەریم شارەزا دەکات لە بزاڤی سیاسی و نەتەوایەتییدا، ئەویش لە دووباس پێک دێت ، باسی یەکەم بە ناونیشانی (هەڵویستی سیاسی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٨) و باسی دووەم (ڕەنگدانەوەی هەستی نەتەوایەتی کەریم شارەزا ١٩٥٨-١٩٦٨)، تەوەری سێیەمیش بە ناونیشانی (ڕۆڵی کەریم شارەزالە بزاڤی ڕۆشنبیرییدا) ئەوەش لە چەند باسێک پێک دێت لەوانە ڕۆڵی کەریم شارەزا لە بواری نووسین و دانان و ئەدەبدا.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان:-**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوودم لە زۆر سەرچاوە وەرگرتووە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سودم لێ بینی بێت، بەرهەمەکانی کەریم شارەزا خۆی بووە، کە خۆی ئەو بەرهەمانەی نووسیوە و بە چاپی گەیاندوون، بەتایبەت بیرەوەرییەکانی، بەمەش کەسایەتی کەریم شارەزامان زیاتر بۆ دەردەکەوێت. لەگەڵ ئەمە سوود لە چەند سایتێکی ئینتەرنێت وەرگیراوە، کە تایبەت بوون بە ژیان و کاروکۆششی کەریم شارەزا گەلێک لایەنی شاراوەیان لەم بارەیەوە خستۆتە ڕوو. هەروەها چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ مامۆستا سۆرانی کوڕی، سەرچاوەیەکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە بووە، کە بە سوپاسەوە زانیاری زۆر گرنگی بۆ خستینە ڕوو. لە کتێبەکانیشدا سوود لە کتێبی (مێژووی کۆیە) لە نووسینی تاهیر حەوێزی و کتێبی (بیرەوەری دڵزار)ی (ئەحمەد دڵزار) وەرگیراوە، کە زۆر زانیاری گرنگیان دەربارەی ژیانی کەریم شارەزاخستۆتە ڕوو.

لە کوتاییدا ، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە لە هەڵە و کەموکوڕی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەشک کردبێت.

## تەوەری یەکەم/

## بنەماڵە و ژیان و پێگەیشتنی کەریم شارەزا

### ١. بنەماڵەکەیان:

کەریم شارەزا، ناوی تەواوی کەریمی کوڕی مستەفا ئاغای کوڕی حەمەئاغای حەوێزییە وناسراوە بە کەریم شارەزا. دایکیشی ناوی عائیشەی کچی مەلا عەبدولعەزیزی کوڕی مەلا وەسمانی خۆشناوە، سەبارەت بە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی حەوێزی، دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی ئەردەڵان، باپیرە گەورەی حەوێزییان لەسەردەمانێکی کۆنەوە، کە مێژووەکەی بە ڕوونی دیار نیە، هاتووەتە شاری کۆیە یان (کۆیسنجەق)[١] نیشتەجێ بووە. وەک سەرچاوەیەک ئاماژەی پێدەکات، زیاتر لە چوارسەد ساڵە، نەوەی حەوێزییان لە شاری کۆیە نیشتەجێنە. وە باپیرە گەورەیان ناوی حەوێز بووە[٢].

باوکی کەریم شارەزا، ناوی مستەفا بوو کەسێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر بووە، زمانەکانی فارسی و تورکی و لە پاڵیشیدا زمانی عەرەبی بە باشی زانیوە. جگە لەوەی، لەماڵەوە کتێبخانەیەکی بچووکی هەبوو، دەستی هۆنراوەنووسینشی هەبوو، ئەمەش وایکردبوو کە نەوەکانی کەسانی ڕۆشنبیر و چالاک دەربچن، وەک، ئەحمەد دڵزار[٣] و

---

([١]) لەناو کورددا، بە (کۆیە) ناودەبرێت، وە بەزمانی تورکی و عەرەبی بە (کویسنجق) کە بە (کۆیسنجەق) دەخوێندرێتەوە، ناودەبرێت. ئەگەر سەرنجێک بدەینە سەر وشەی (سنجەق)، ووشەیەکی تورکییە، لەڕووی زمانەوانییەوە بەواتای ئاڵا یان بەیداخ دێت، لەبەرئەوەی ئەو سەردەمە (سنجەق بەگ) یان (میر ئاڵا) ،کە پلەیەکی کارگێڕی و سەبازی عوسمانی بوو، حوکمڕانی شارەکەی دەکرد. تاهیر احمد حەوێزی، مێژووی کۆیە، چاپخانەی الوفاء، بەغدا، ١٩٦٢، ل٢٢.

([٢]) کەریم شارەزا، کاروانی ژیانم، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٨٦) ، تشرینی دووەمی ٢٠١٢، ل١٣١.

([٣]) **ئەحمەد دڵزار** (١٩٢٠-٢٠٢١): لە کۆیە لەدایکبووە، تا قۆناغی ناوەندی خوێندووە. لە شوباتی ١٩٤٣ بووەتە سەرباز لە سوپای عێراقی، چۆتە بەسرە، دواتر گەڕاوەتەوە کۆیە. ساڵی ١٩٥٩ بە ئەندامی یەکێتی ئەدیبانی عیراق وەرگیراوە. لە ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەرانی کورد بووە. لە نێوان ساڵانی ١٩٧٤- ١٩٧٩ نوێنەری بەرەی نیشتیمانی بووە لە لیژنەی هەولێردا، لەپاڵ ئەمەدا، ئەندامی خوولی یەکەمی ئەنجومەنی یاسادانان بووە لە هەرێمی کوردستان. لە ساڵی ١٩٧٥ دا بە ئەندامی ئەنجوومەنی هاوکاری عێراقی ئاشتی وەرگیرا. ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ب١، وەشانخانەی سارا، سوید، ١٩٩١، ل٥.

کەریم شارەزا و فریشتە. ئەحمەد دڵزار برا گەورەی کەریم شارەزا، کاریگەری گەورەی لەسەر کەریم شارەزا و بنەماڵەکەیان و بە گشتی هەبوو[٤].

باوکی کەریم شارەزا، مستەفا ئاغای حەوێزی، لە ساڵی ١٩٠٦، ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ (عائیشە مەلا عەبدولعەزیز) پێکهێناوە. سەبارەت بە ژیانی خێزانی، شارەزا باس لەوەدەکات کە ڕاستە ئەوان ئاغا بوون، بەڵام ئەمە تەنها بەناو بوو، لەبەر ئەوەی باوکی کاسب بووە، وە ژیانێکی سادە دەژیان ،چونکە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و گرانییەکەی ساڵانی ١٩١٧ و ١٩١٨، هەرچی پارە و سامانێکی لە باوکییەوە بۆی بەجێمابوو لە دەستی چوو. بۆیە کاتێک لە جەنگ گەڕایەوە، هیچی شتێکی شک نەدەبرد. تەنیا پارە زەوییەکی ١٣ دۆنمی نەبێت، کە بە زەوی میران ناودەبرا و لە باوکییەوە بۆی بەجێمابوو. لەگەڵ دوو باخی داوێنی گەڕەکی هەواوان، کە لە دایکییەوە بۆی مابووەوە. بۆیە خەریکی داچاندنی زەوییەکەی و خزمەتکردن و وەبەرهێنانی باخەکانی بوون[٥]

**٢. لەدایکبوون و سەرەتای خوێندنی:**

کەریم شارەزا هەشتەم منداڵی خێزانەکەیان بوو، ساڵی ١٩٢٨، هەر لە کۆیە لە گەڕەکی (هەواوان) لەدایکبووە. منداڵی هەر لە کۆیە بەڕێکردووە. لە سەرەتای ١٩٣٦ دەستی بە خوێندن کردووە، هەرچەندە تەمەنی بچووک بوو بەڵام وەک گوێگرێک، لە (قوتابخانەی سەرەتایی دووەمی کۆیە) وەرگیرا. بەڵام بەهۆی بچووکی تەمەنی، نەیتوانی درێژە بەخوێندن بدات. تاوەکو لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٥ لە (قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە) وەرگیراوە، کە بەڕێوبەری ئەوسای قوتابخانە، ناوی عەبدولڕەحمان شەرف بوو، لە پۆلی یەکەمدا نەیتوانی سەر بکەوێت، لەبەر ئەوەی لەوانەی عەرەبی خراپ بوو. بەڵام بۆ ساڵی داهاتوو توانی بچێتە قۆناغی دووەمی سەرەتایی[٦]. لە بیرەوەرییەکانییدا،

---

([٤]) هەمان سەرچاوە، ل٥-٦.

([٥]) کەریم شارەزا، بیرەوەریەکانی کاروانی ژیانم، چاپخانەی ڕۆژهەلات ، هەولێر، ساڵی ٢٠٢١، ل٨

([٦]) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم، گۆڤاری مێرگ، ژ(٥٧) شوباتی ٢٠١٠، ل١١٢.

باس لەوەدەکات، کە لە وەرزی هاوینAندا خەریکی کارکردن بووە لە باخەکەیان و وە لەکاتی کرانەوەی قوتابخانەدا خەریکی خوێندن بووە(٧).

لە شوێنێکی دیکەی بیرەوەرییەکانییدا، دەڵێت: ساڵی ١٩٣٧، بڕیار هات کە دەبێت قوتابییان جلوبەرگی ڕەسمی لەبەر بکەن، (کە چاکەت و پانتۆڵ) بوو. جا دەڵێت بارودۆخی ئابووریمان خراپ بوو، بەڵام باوکم ناچار بوو بۆم بکڕێت. کەریم شارەزا باس لەوەش دەکات، کە لە هەمان ساڵدا، دووپشکێک پێوەی داوە، بەڵام ئەوەی سەیرە، هیچ کاریگەرییێکی لەسەر تەندروستی دروست نەکردووە، ئەوەش شۆکێکی لەلای خێزانەکەی دروست کردووە، دیارە باوکی دەچێتەلای حەکیمێک بەناوی تۆفیق شەکرچی، ئەوەی بۆ ڕوون کردووەتەوە، کە دایکی کەریم شارەزا، لەکاتی دووگیان بوونی بە شارەزا، دووپشک پێوەی داوە، بۆیەش ژەهرەکە کاریگەری لەسەر کەریم نەبووە(٨).

شارەزا لە قۆناغی دووەم بەهۆی هەوڵ و کۆششی بەپلەیەکی بەرز سەرکەوتووە بۆ قۆناغی سێی سەرەتایی. لە ساڵی ١٩٣٩ کە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەم بوو، شارەزا باس لەوە دەکات کە لە قوتابخانەکاندا، مەشق بە قوتابییان دەکرا. پاشان بەهۆی هەندێک کێشەوە، باوکی شارەزا قوتابخانەکەی دەگۆڕێت و نەقڵی (قوتابخانەی دووەمی سەرەتایی کۆیە)ی دەکات، لەوێ درێژە بە خوێندنەکەی دەدات(٩).

**٣. قۆناغی خوێندنی ناوەندی:**

شارەزا، ساڵی ١٩٤٣ چووەتە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە، کە ئەوسا کۆیە هەر ئەو قوتابخانە ناوەندییەی لێبووە، دیارترین مامۆستاکانی لەو قوتابخانەیەدا ئەمانەبوون: شەوکەت عەبدولڕەحمان (بەڕێوەبەری قوتابخانە)، مستەفا نیعمەتوڵڵا (مێژوو و جوگرافیا و عەرەبی)، جەلال نیهاڵ (زانستەکان و حیساب)، جەلال شەریف لە پۆلی دووەم، جوگرافیا و

(٧) هەمان سەرچاوە، ل١٠.

(٨) کەریم مستەفا حەوێزی ڕێگەی دوور، چاپخانەی النعمان، النجف، ساڵی ١٩٧١، ل١٠.

(٩) هەمان سەرچاوە، ل١٠.

مێژوو. حوسێن ئاکرەیی (زیندەوەرزانی و بیرکاری). هەروەها ئەو قوتابییانەش هاودەمی خوێندنی بوونە: عەبدولخالق حەوێزی، مەجید عومەر، تاهیر ئیسماعیل[١٠].

کەریم شارەزا لە قۆناغی ناوەندییدا قوتابییێکی زیرەک و لێهاتوو بوو، وەک خۆی دەڵێت: "لەو ساڵی خوێندنی ١٩٤٤-١٩٤٥ بە پلەیەکی باش بۆ پۆلی سێیەم دەرچووم و لە وانەی (کیمیا) بەرزترین پلەم لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ وەرگرت، بەڕێوەبەری قوتابخانە خەڵاتی کردم و کتێبێکی نوێی کیمیا و جووتە پێڵاوێکی پێدام".

بەم شێوەیە بە سەرکەوتوویی سێ ساڵی خوێندنی ناوەندی، لە ساڵی ١٩٤٦ تەواو دەکات و بەرەو قۆناغێکی تازەی خوێندن دەڕوات[١١].

**٤. قۆناغی خانەی مامۆستایان و کاری مامۆستایەتی:**

کەریم شارەزا، ساڵی ١٩٤٦ چووەتە (خانەی مامۆستایان)، دوای چوار ساڵ خوێندن، ساڵی ١٩٥٠ خوێندنی مامۆستایانی تەواو کردووە. لە ڕۆژی ١٩٥٠/١٠/٩بە مامۆستای (قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیە) دامەزراوە، کە هەمان ئەو قوتابخانەیە بوو، کە تیایدا قوتابی بوو. لەم قوتابخانەیەدا وانەکانی عەرەبی و کوردی گوتووەتەوە. دوای یازدە ساڵ خزمەتکردن لە کاری مامۆستایەتی، واتە ساڵی ١٩٦١، لەسەر هەڵوێستی سیاسی، دوورخراوەتەوە بۆ پارێزگاکانی (زیقار) و (ناسڕییە) و لە گوندێکی نزیک قەزای (شەترە)، کراوە بە مامۆستای زمانی عەرەبی[١٢].

کەریم شارەزا هەر لە ساڵی ١٩٥٢، یەکەم بەرهەمی لە (ڕۆژنامەی هەولێر)[١٣] بڵاوکردووەتەوە. لە ڕۆژی ١٩٦٤/١٢/٧تەنسیب کراوە بۆ دواناوەندی شەترە (لە ناو قەزای

---

(١٠) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی...، ل٤٧

(١١) کەریم شارەزا، کۆیە و شاعیرانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ساڵی ٢٠١١، ل ١٨٤.

(١٢) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، گۆڤاری مێرگ، ل١١٢.

(١٣) ڕۆژنامەی (هەولێر): ڕۆژنامەیەکی زانستی و ئەدەبی هەفتەیی بووە، لەلایەن (کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر) دەردەچوو، یەکەم ژمارەی لە ڕێکەوتی (١٩٥٠/١٢/١٦)دا دەرچووە، دەستەی بەڕێوەبردنی گۆڤارەکە پێکهاتبوون لە (جەمیل ڕەشیدو حوسێن ڕەشوانی و عیزەددین فەیزی و ئەستێر سەعیدو جەمال جەمیل)، (١٤٠) ژمارەی لێ دەرچووە تاکوو ڕێکەوتی (١٩٥٣/١٢/٢٨) بەردەوام بووە. هۆشەنگ ساڵح

شەترە) بۆ وتنەوەی وانەی عەرەبی لە پۆلی سێیەمی ناوەندیی دا. لە ساڵی ١٩٦٦ گوێزراوەتەوە بۆ شارەدێی مەخموور و بووە بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی لە قەراج. لە ساڵی ١٩٦٨ گوێزراوەتەوە بۆ ناو شاری هەولێر و لە خوێندنگای سەرەتایی نموونەی هەولێر کراوە بە مامۆستای کوردی و عەرەبی و بڵاوکراوەیەکیشی لەوێ بە زمانی کوردی دەرکردووە[١٤].

لە دوای رێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دا کراوە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (کۆڕەک)ی سەرەتایی کوڕان لە هەولێر. لە ڕۆژی١٩٧١/٨/٣١ گوێزراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی (هەڵگورد)ی سەرەتایی کوڕان، کە خوێندن تێیدا بە زمانی عەرەبی بووە و ئەم بە فەرمانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر خوێندنەکەی کردووە بە کوردی[١٥].

**٥. خانەنشین بوون و کۆتاییەکانی ژیانی:**

لە دوای (٢٠) ساڵی مامۆستایەتی و (١٢) ساڵیشی بەرێوەبەرایەتی قوتابخانە، خۆی خانەنشین کردووە. لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ دامەزراندانی یەکێتی نووسەرانی کورد بووتە ئەندام تیایدا. لە ساڵی ١٩٧٠ لە دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە، کە لە رۆژی ١٩٧٠/١٢/٣ مۆڵەتی فەرمی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٧٣بوو بە ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەڵبژێردراوە. لە ساڵی ١٩٧٨ لە کۆنفرانسی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بە سکرتێری دەستەی بەڕێوەبەر هەڵژێردراوە. لە ساڵی ١٩٨٣ بە سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر هەلبژێردراوە. لە هەموو کۆنگرە و سیمیناری و میهرەجانەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد بەشداری کردووە[١٦].

---

محمد شەریف، بزاڤی رۆشنبیری لە شاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، ٢٠١١، ل١٩.

(١٤) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی....، ل١٢.

(١٥) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، گۆڤاری مێرگ، ل١١٢.

(١٦) هەمان سەرچاوە، ل٦٥.

لە ساڵی ١٩٩٧ دوای دامەزراندی ئەکادیمییای کوردستان بووە بە ئەندامی ئەکادیمیای کوردستان. لە ساڵی ١٩٩٣ بە یاریدەدەری ئەکادیمیای کوردستان هەڵبژێردراوە، تاکو ساڵی ٢٠١٣ کاری وەرگێڕان یاسا و بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردستانی کردووە[١٧].

سەبارەت بە ژیانی کۆمەڵایەتی، کەریم شارەزا لە ئاهەنگی خزمێکیان لە کۆیە چاوی بە کچێک دەکەوێت، بە ناوی (خەیرییە عبدلرحمان مەلا نەشتەی)، وەک باسی لێوەدەکات دەڵێت: بە بینین دڵم بۆی چوو، دیارە نزیکەی ساڵێک ئەم خاتوونەم لەیاد نەچوو، تا دواتر لە شوباتی ساڵی ١٩٥٤ ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنن، خەیرییە خان لە خێزانێکی دیاری شاری کۆیەیە و دەکاتە کچی پورزای باوکی کەریم شارەزا، واتا پەیوەندی خزمایەتیان هەیە، یەکەم منداڵیشیان لە ساڵی ١٩٥٥ لە دایک بوو بەناوی پشتیوان[١٨].

بەم شێوەیە لە کاری خزمەتگوزاری بەردەوام بووە، بە نووسین و هەڵوێستی نەتەوایەتی و بایەخدان بە زمانی کوردی، بەردەوام بووە، تاوەکو لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١٥ نەخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنێت و لە شەوی٢٠١٥/٥/٢٣بە هۆی ئەو نەخۆشییەوە لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و وە لەهەمان ڕۆژ لە مەراسیمێکی شایستە لە گۆڕستانی دەروێش خدر لە شاری کۆیە بەخاکسپێردراوە[١٩].

---

([١٧]) کەریم شارەزا لە سایتی کوردیپیدیا - کەریم شارەزا(kurdipedia.org)

([١٨]) هەمان سەرچاوە.

([١٩]) ئەمڕۆ حەوت ساڵ بەسەر کۆچی دواییکردنی نووسەر"کەریم شارەزا "تێپەڕ دەبێت لە سایتی (kurdistantv.net)

**تەوەری دووەم/**

## ڕۆلی سیاسی و نەتەوایەتیی
## کەریم شارەزا

کەریم شارەزا لە پۆلی سێیەمی سەرەتاییدا، ئاشنا دەبێت بە شێوازی حوکمڕانی عێراق، کە لە قوتابخانە فێریان دەکردن کە مەلیک فەیسەڵ، مەلیکی عێراقە و دەبێ ڕێزی لێبگرێت. بەڵام دوای ئەوەی دەچێتە دوکانی عەبدولڕەحمانی مەلا ڕەش، چاوی بە وێنەی پیاوێک دەکەوێت، کە بە دیواری دوکانەکە هەڵواسراوە. کە تاقمێک فیشەکی بەقەدوباڵای بەستراوە، لەگەڵ چەکێکی ئینگلیزی، لە عەبدولڕەحمان دەپرسێت، ئەم پیاوە کێیە؟ ئەویش دەڵێت کوڕی زیرەک، چۆن نازانی ئەمە مەلیک مەحموودە، مەلیکی کوردانە، لێرەدا عەبدولڕەحمان هەستێکی نەتەوایەتی لەلای شارەزا دروست دەکات، وای لێدەکات، کە نەفرەت لە حوکمی ئینگلیز بکات ئەمەش وادەکات زیاتر چاوکراوە بێت و شارەزای حوکمی عێراق بێت[٢٠]. لە خوارەوە باس لە گرنگترین وێستگەکانی خەباتی کەریم شارەزا دەکەین:

**یەکەم. قۆناغی کاری سیاسی کەریم شارەزا لە نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٥٨:**

ئەگەر بێتوو باس لە گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی لەلای کەریم شارەزا بکەین، ئەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٤١، لەم ساڵەدا، شارەزا چاوی بە کەسێکی نیشتیمانپەروەر دەکەوێت، هەرلەڕێگەی ئەویشەوە وانەی نیشتیمانی فێردەبێت. لێرەدا لە کتێبەکەی خۆیدا باسی لێوەدەکات لەژێر ناونیشانی (یەکەم وانەی نیشتیمان پەروەرییم)، کە لێرەدا بە کورتی باس ئەم ڕووداوە دەکەین، دیارە ڕۆژێکیان لە قوتابخانە، مامۆستایەکی نوێیان بۆ دێت بەناوی سابیر ئیسماعیل محەمەد، دوای ئەوەی مامۆستا سابیر وانەیەکی مێژوویان

(٢٠) شێخ مەحموود شێخ سەعید شێخ محەممەد (لەدایکبووی ١٨٧٨ – مردووی ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦) ڕابەری چەندان ڕاپەرینی کوردی بوو دژی هێزی بریتانی لە کوردستان. ئەو شێخی ڕێبازی قادرییە بوو لە خێزانی بەرزنجی لە شاری سلێمانی. لە زۆربەی ڕاپەرینەکاندا، بە پاشای کوردستان ناوبراوە. لە نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٣١ شۆڕشی دژی ئینگلیز هەڵگیرساندووە، دواتر دوورخروەتەوە بۆ بەغداد پاشان لە ساڵی ١٩٤١ هاتووەتەوە داریکەلی، ساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەغداد کۆچیدوایی کردووە. شێخ مەحموودی حەفید – ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

بۆ دەدات، کە باس لە غاندی[٢١] دەکات وەک سەرۆکی نەتەوەی هیندی، بۆ ئەوەی قوتابییەکان هۆشیار بکاتەوە، کە شۆڕش لە ڕێگەی قەڵەمەوە دەکرێت، هەر لێرەشەوە، کەریم شارەزا لەم تەمەنە بچووکەوە، سەرسام دەبێت بە کاریزمای خودی غاندی، کە چۆن توانی ببێتە باوکی نەتەوی هیند. جگە لەوەی کە لەلایەن چەند مامۆستایەکییەوە ئاشنا بە هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی[٢٢] بووە، ئەمەش وەک پێدانی ڕەمزێکی نەتەوەیی بوو بەبیرو هۆشی قوتابییانی ئەو کات، هەموو ئەمانە کاریگەری زۆری کردە سەر کەریم شارەزا.

بەڵام ئەوەی زیاتر کەریم شارەزای بۆ کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتیمان هاندا، ڕووداوەکانی ساڵانی (١٩٤٢-١٩٤٣) بوون، لە نێو قوتابخانەیدا، کە ئەوکات پۆلی شەشی سەرەتایی بوو، ئەویش لەبەر ئەوەی لەم ساڵەدا چەند مامۆستایەکی نوێ هاتنە قوتابخانەکەیان و وانەیان پێ دەگوتن، کە لەپاڵ وانەکاندا، قوتابیانیان فێری خۆشویستنی

---

([٢١]) مەهاتما گاندی یان موهەنداس کەرەمچاند گاندی (٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٦٩ - ٣٠ی ژانویەی ١٩٤٨) سیاسەتمەدارێکی دیار و سەرکردەی ڕۆحی هیندستان بووە لە سەردەمی بزووتنەوەی سەربەخۆیی هیندستان. ئەو پێشەنگ بوو لە بەرخۆدانی ساتیاگراها بەرامبەر بە ستەمکاری لە ڕێگەی نافەرمانی مەدەنی بەکۆمەڵەوە، کە بە توندی لەسەر ئەهیمسا یان ناتوندوتیژی تەواو دامەزراوە، کە بووە هۆی سەربەخۆیی هیندستان و ئیلهامبەخش بوو بۆ زۆرێک لە مافە مەدەنییەکان و بزووتنەوە ئازادییەکان لە سەرانسەری جیهاندا. گاندی لە سەرانسەری جیهاندا بە مەهاتما گاندی ناسراوە بە واتای "ڕۆحی گەورە"، ڕێزلێنانێک کە لەلایەن ڕابیندرانات تاگوورەوە بۆی بەکارهاتووە، هەروەها لە هیندستان بە بابۆ. لە هیندستان بە فەرمی وەک باوکی نەتەوە ڕێزی لێدەگیرێت؛ ڕۆژی لەدایک بوونی، ٢ی تشرینی یەکەم، لەوێ بە ناوی "گاندی جایانتی" کە جەژنێکی نیشتمانییە و لەسەر ئاستی جیهانیش وەک ڕۆژی جیهانی ناتوندوتیژی بەڕێوەدەچێت. مهاتما غاندي - ویکیبیدیا(wikipedia.org)

([٢٢]) حاجی قادری کۆیی (١٨١٨-١٨٩٧) شاعیر و بیرمەندێکی بەناوبانگ و نەتەوەخوازی کورد بوو. ماوەیەکی درێژ لە ئەستەمبوڵ پایتەختی عوسمانی ژیاوە و بە هۆی نەبوونی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و نەخوێندەواریی کوردانی ئەو سەردەمە ڕووی کردووەتە هۆنراوە و بیروبۆچوونە سیاسییەکانی بە شیعر نووسیوە. حاجی کاریگەری زۆری لەسەر بڕێک لە شاعیران و نووسەرانی پاش خۆی وەک عەبدوڵڵا پەشێو بووە. حاجی قادر سە رە ڕای دەست نیشانکردنی دەردو ئازارەکانی کورد ، زۆر جاریش هەوڵی داوە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە ، بۆ نمونە: حاجی دەردێکی کوشندەی لای کورد دەست نیشان کردوە کە دوبەرەکی و ناتەبایی و دژمنایەتی کردنی یەکترە ، دەرمانیش لای ئەو تەنها هەر ڕێکەوتن و یەک ڕیزییە .حاجی قادری کۆیی - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

نیشتیمان و باسکردنی بابەتی سیاسی و شیکردنەوەی بارودۆخی ئەوکاتیان بۆ دەکردن. ئەوەی زۆر کاریگەری کردە سەر کەریم شارەزا، دڵداری شاعیر[٢٣] بوو، ئەویش دوای ئەوەی، دڵدار وەک مامۆستایەکی نوێ دێتە قوتابخانەیەکان، وە وانەی نیشتیمانپەروەرییان پێدەڵێت، کە زۆرجار لەناو وانەکاندا بە هۆنراوە دەست پێدەکات و زیاتر سەرنجی کەریم شارەزای ڕاکێشا، کە لە دواتر بۆی دەردەکەوێت، دڵدار ئەندامی حزبی هیوایە و بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی فکری حزبی هاتۆتە ناو قوتابیان[٢٤].

دوای بڕینی قۆناغی سەرەتایی، کەریم دەستی کرد بە خوێندنی قۆناغی ناوەندی لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە، کە ئەمەش ساڵی ١٩٤٥ بوو، دیارە لەم ساڵەدا، کەریم شارەزا ئاشنا دەبێت بە ئاهەنگی نەورۆز، وەک جەژنێکی کوردی، کەتێیدا خەڵکی کۆیە خۆشحاڵی خۆیان بەبۆنەی ئەم جەژنە دەردەبڕن. سەبارەت بە قۆناغی ناوەندی، باسێک زۆر کەم هەیە لەسەر ئەم چەند ساڵە، بۆیە باس لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٤٦ دەکەین، کە کەریم

---

(٢٣) یوونس ڕەئووف ناسراو بە دڵدار (١٩١٨ لە کۆیە، باشووری کوردستان – ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨ لە هەولێر)، شاعیر، پارێزەر و چالاکوانێکی سیاسیی کورد بوو. بەناوبانگترین شیعری دڵدار، ئەی ڕەقیبە کە لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا و ٢ ساڵ پێش مردنی، کرا بە سروودی نیشتمانیی کۆماری مەهاباد و تا ئێستاش هەر لەلایەن زۆربەی کوردەکانەوە وەک سروودی نیشتمانی دەناسرێت. دڵدار، یوونس کوڕی مەلا ڕەئووف کوڕی مەلا مەحموود ئەفەندی کوڕی مەلا سەعدی خادیم ئەلسەجادە و لە ڕۆژی ٢٠ی شوباتی ١٩١٨ لە شاری کۆیە لە دایک بووە. پاش ماوەیەک باوکی کراوە بە فەرمانبەری سەرژمێریی ڕانیە و بە بنەماڵەوە چوون بۆ ئەوێ. دڵدار لەبارەی ژیانی ڕانیەوە دەڵێت: «هەرچەند ڕۆژێکی چاک و چوار ڕۆژانیش نەخۆش بووم، سەرەڕای ئەوەش ڕانیەم هەر لەلا خۆش بوو، بەتایبەتی سەوداسەری قوللە بووم. هەر کاتێک چاک بووبامایەوە، مەلەم لە ڕووبارەکە و لە بن دار بییەکان ڕاوەچۆلەکەم دەکرد». لە تەمەنی دە ساڵیدا دڵدار نێردراوەتە قوتابخانە و پۆلی یەک و دووی سەرەتایی لە ڕانیە تەواو کردووە. دوای ماوەیەک باوکی لەسەر فەرمانەکەی لابراوە و ناچار بە ماڵەوە گەڕاونەتەوە بۆ کۆیە و خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٤٠دا لە شاری کەرکووک قۆناغی دواناوەندی تەواو کردووە و ئینجا ڕووی کردووەتە بەغدا و چووەتە زانکۆی یاسا و ساڵی ١٩٤٥ بڕوانامەی زانکۆی یاسایی وەرگرتووە و بووە بە پارێزەر. لە بەغدا بووە بە ئەندامی حیزبی هیوا .دوای ماوەیەک بەهۆی کارە سیاسییەکانییەوە خراوەتە زیندان .دڵدار - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد (wikipedia.org)

(٢٤) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، گۆڤاری مێرگ، ل١١٢.

شارەزا دەچێتە  خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە ئەعزمییەی بەغداد. لەوێ کەریم کەسێک دەناسێت بەناوی (جەلال حەمەد ڕەسوڵ)، کە بۆتە هاوڕێیەکی دڵسۆزی، لەهەمان کاتدا، ناوبراو ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، کەریم شارەزا دەڵێت کاک جەلال پێی وتم من ئەندامی پارتیم لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و لەپێناو بارزانی کاردەکەین[٢٥].

لێرەدا کەریم شارەزا دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای  حزبی و لە تشرینی دووەمی ١٩٤٦، دێتە ناو ئەو پارتە، وە وەک باسی لێوەدەکات زۆر سەرسام بووە بە مەلا مستەفا بارزانی[٢٦]،  لەبەر ئەوی خەباتی دەکرد بۆ رزگار کردنی کوردستان، بەڵام دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، دیارە کەریم شارەزا پەیوەندی حزیی  بەرەو لاوازبوون دەڕوات، لە ئەنجامی خوێندن و وە خەریک بوون بە ژیانی ڕۆشنبیریی خۆیەوە، بەڵام دواتر، پاش جەنگی جیهانی دووەم و بڵاوبوونەوەی فکرەی مارکسی لە جیهان،  وە ئەو فکرەیە عێراقیشی گرتەوە، دیارە کەریم شارەزا لە ژێر کاریگەری هاوڕێ نزیکەکانی دەچێتە ناو حزبی شیوعی، کە ئەمەش لە سەرەتای ساڵی  ١٩٤٩ بوو[٢٧].

وەک ئاماژەمان پێیدا، خەباتی سیاسی کەریم شارەزا بەشێوەی کرداری، لە چوونی بۆناو پارتی دیموکراتی کوردستان دەست پێدەکات،  ئەوەش لەژێر کاریگەری هاوڕێیەکی

---

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل ١١٢.

(٢٦ ) مەلا مستەفا شێخ موحەممەد بارزانی (١٩٠٣/بارزان-١٩٧٩/ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا): سەرکردەی نەتەوەیی و سیاسی ناسراوی کورد. هەرلە گەنجێتییەوە بەشداری لە بزاڤ و ڕاپەرینەکانی بارزانی وەک بزاڤەکەی شێخ ئەحمەدی بارزان (١٩٣١-١٩٣٢) کردووە. لە نێوان ساڵانی (١٩٣٣-١٩٤٣)دا، خۆی و خانەوادەکەی لە بارزان دوورخراونەتەوە، لە نێوان ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٥) دا، شۆڕشی دووەمی بارزانی هەڵگیرساندووە. بەشداری کۆماری کوردستانی (١٩٤٦-١٩٤٧) کردووە. ساڵی ١٩٤٦ دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، بە سەرۆکی پارتەکە هەڵبژێردراوە. لە نێوان ساڵانی (١٩٤٧-١٩٥٨) دا، خۆی و نزیکەی ٥٠٠ کەس لە هاوخەباتکارانی پەڕاگەندەی یەکێتی سۆڤییەت بوون. لە نێوان ساڵانی (١٩٦١-١٩٧٥) دا، ڕابەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە. حيدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ظباط ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانیدیکە، دهۆک، ٢٠٢١، ص٤٣-٤٥.

(٢٧) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، گۆڤاری مێرگ،  ل١١٢.

بەناوی (جەلال محەمەد ڕەسوول) بووە، لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٤٦[٢٨]. یەکەمین چالاکی سیاسی کەریم شارەزا دژ بە ڕژێمی ئەوکاتەی عیراق بەشداریکردنی بوو لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی ١٩٤٨، دژ بە بەستنی پەیمانی پۆرتسمۆس[٢٩] بوو کە قوتابییانی کۆلێژە جیاوازەکانی بەغداد، دەستیان کرد بە خۆپیشاندان کرد و وە ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە زۆربەیان کورد بوون، کە بە پاڵپشتی حزبی شوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان. کە دواجار توانیان وەزارەتەکەی ساڵح جەبر[٣٠] بڕوخێنن و وە ئەو پەیمانەش هەڵوەشێننەوە کەریم شارەزا خۆی باس لەوەش دەکات کە دەستێکی باڵای هەبوو لە هاندانی قوتابیانی کۆلێژی زمانی کوردی دژ بەو ڕژێمە[٣١].

---

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

(٢٩) پەیماننامەی ئینگلیز-عێراقی یان پەیمانی پۆرتسمۆس، پەیماننامەی نێوان شانشینی عێراق و شانشینی یەکگرتووە کە لە ١٥ی ژانویەی ١٩٤٨ لە شاری پۆرتسمۆسی ئینگلتەرا واژۆ کراوە. پێداچوونەوەیەک بوو بە پەیماننامەی ئینگلیز و عێراق (١٩٣٠ی زایینی). لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، بەریتانیا خۆی لە دۆخێکی نوێدا بینیەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی ئەمریکا بوو، بیری لە پەیوەندی تایبەت دەکردەوە لەگەڵ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەت عێراق، لەو ماوەیەدا حکومەتی لاواز و هاوپەیمانی عێراق بەدوایدا دەگەڕا بۆ پاراستنی پەیوەندییە جیاوازەکانی لەگەڵیدا. بەریتانیا کاری کرد بۆ بەستنی پەیماننامەیەک کە ئیمتیازاتی زۆری لە عێراق و ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گەرەنتی کرد، دوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزارەتەکەی ئەرشەد عومەری، وەزارەتی نوێی ڕاسپارد بە نوری سەعید بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ ساڵح جبر بکاتەوە، کە... لەو ماوەیەدا دەست بەسەر وەزارەتەکەدا گرت، بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتەی کە لەلایەن ئەوەوە دانراوە. المعاهدة الأنجلو عراقية (١٩٤٨) - ویکیبیدیا(wikipedia.org)

(٣٠) ساڵح جابر (١٨٩٦-١٩٥٧) سیاسەتمەدارێکی عێراقییە و لە مانگی ئازاری ١٩٤٧ تا مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٨ وەک سەرۆکوەزیرانی عێراق کاری کردووە، یەکەم عێراقییە لە پێکهاتەی شیعە کە پۆستی سەرۆکایەتیی عێراقی بەدەستهێناوە. ساڵح لە ساڵانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ وەزیری داد، پەروەردە، کاروباری دەرەوە، ناوخۆ و دارایی کاری کردووە. ئەو لەلایەن گەنجە سیاسییە لیبراڵ و ناسیۆنالیستەکانەوە وەرنەگیرا کە کاتێک وەزیری ناوخۆ بووە لە سەردەمی جەنگدا بە توندی مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، پەیماننامەی ئینگلیز – عێراقی ساڵی ١٩٤٨، کە پێداچوونەوەیەک بوو بە پەیماننامەی ئینگلیز – عێراقی ساڵی ١٩٣٠، بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی عێراق ئامادەکرا و واژۆکرا. حکومەتەکەی دوای سەرکوتکردنی خوێناوی ڕاپەڕینی ئەلوەثبای دژە بەریتانیا کەوتە خوارەوە، بۆیە ناچار بوو دەستبەرداری پەیماننامەکە بێت و لە ٢٦ی ژانویەی ١٩٤٨دا بەرەو ئینگلتەرا هەڵهات. صالح جبر - ویکیبیدیا(wikipedia.org) .

(٣١) کەریم شارەزا، ڕێگەی دور، چاپخانەی النحمان، النجف ،١٩٧١، ل ٦٨

له ناوەڕاستی ١٩٤٨، کەریم شارەزا ئاشنا دەبێت با فەلسەفەی مارکسی و کۆمۆنیستی، وە کۆمەڵیک هۆکار وای کرد شارەزا ببێتە شیوعی، لەوانەش وەک:

١. ئەحمەد دڵزاری براگەورەی، کە یەکێک لە ڕێکخەرانی حزبی شیوعی بوو لە کۆیە، دەستێکی باڵای هەبوو لەسەر شارەزا، وە کۆمەڵێک کتێبی فەلسەفی مارکسی پێدا، ئەمەش وایکرد شیوعیەت زاڵ ببێت بەسەر شارەزا.

٢. کاتێک شارەزا لە ئەعزەمییە لە بەغداد، قوتابی بوو، زۆربەی هاوپۆل و هاوڕێکانی، چوونەتە پاڵ حزبی شیوعی، ئەوەش وای کرد کەریم شارەزا خۆی بەتەنیا ببینێت.

٣. ئەو بیرو باوڕە نوێیە کە فەلسەفەی ڕۆژهەلاتی لەخۆی گرتبوو کە پەیوەست بووڕزگارکردنی گەلان لە ژێردەستەیی.

بۆیە شارەزا لە هاوینی ١٩٤٨ چوو پاڵ حزبی ڕزگاری نیشتیمانی لە شاری کۆیە و لە ساڵی ١٩٤٩ چووە ناو ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی عێڕاقی.

دوای ئەوەی کەریم شارەزا لە مایسی ١٩٥٠ کۆلێژی تەواوکرد و وە خولی مامۆستایانی تێپەڕاند، چووە ناو قۆناغێکی نوێ لە ژیانیدا. ئەویش دەست دەکات بە کاری مامۆستایی، شارەزا خۆی باس لەوەدەکات، کە ئەو ئەندامێکی ئاسایی نێو حزبی شوعی بوو، هەرچەند لەلایەن بەرپرسانی حزبەوە داوای لێکرابوو کە ببێتە بەرپرسی حزبیی مامۆستایانی کۆیە بەڵام ڕەتی کردبوەوە، وە زیاتر دەتوانین بڵێین شارەزا هەڵوێستی حزبی هەبووە نەک کرداری حزبی، ئەوەی زیاتر سیاسەتی کردووە لەنێو بنەماڵەی حەویزیاندا، دڵزاری براگەورەی بووە، کە ئەندامێکی چالاکی حزبی شوعی عێراقی بووە[٣٢].

**دووەم. دوای شۆڕشی چواردەی تەممووزی ١٩٥٨ تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١:**

لێرەدا باس لە هەڵوێستی سیاسی کەریم شارەزا بۆ ئەو ڕوداوو پێشهاتە سیاسییانە دەکەین، کە لە عێراق ڕوویان داوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٦٦، کە دوا وێستگەی خەباتی نەتەوایەتی قاسم بووە. لە گرنگترینیان هەڵوێستی شارەزا بەرامبەر ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم و عەبدولڕەحمان عارف بوو. کەریم شارەزا ئاماژە بەوە دەکات کە

شۆڕشی ١٤ی تەمموز، دەرگایەکی نوێ بوو، بەڕووی ژیانی خەڵکی عێراق، لەبەر جاڕدانی بەیاننامەی ژمارە یەکی شۆڕش، کە ئاماژە با ئازادی تەواو دەکات لە عێراق. هەرچەندە شارەزا بەرامبەر بە کوشتنی مەلیک فەیسەڵی دووەم و خانەوادەی پاشایەتی نیگەران بووە، پێی وابوو جارێ، مەلیک زۆر بچووک بوو، بێتاوان بوو، هیچ شتێکی نەکردبوو تاوەکوو وا بە خراپی بکوژرێت. سەبارەت بە هەڵوێستی شارەزا بەرامبەر عەبدولکەریم قاسم، لە سەرەتادا وەک هەموو کوردێکی دیکە، وەک فریادڕەسێێکی نیشتیمانی سەیری کردووە. تەنانەت لەو سەردەمەدا، شیعرێکی بۆنوسیوە، دیارە لە ١٩٥٨/١٢/٢ لە خۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری لە شۆڕش، کە لە کۆیە بەڕێوە چووە، شارەزاش بەشداری کردووە ڕۆڵێکی دیاری تێدا بینیوە و ئەو شیعرەی خوێندووەتەوە(٣٣).

دووساڵ دوای شۆڕشی چواردەی تەمموز، نێوانی عەبدولکەریم وقاسم و شیوعییەکان، بەهۆی بارودۆخی ئەوسای عێراق، تێک دەچێت، لەبەرئەوەی شارەزا شیوعی بوو، وە لەو کاتانەدا شوعیەکان بێ پشت و پەنا ماناوە، دوای ئەوەی ڕاپۆرتێک لەسەر شارەزا دەنووسرێت، لەلایەن دادگای سەربازی کۆیە، بڕیاری دوورخستنەوەی شارەزا دەدەن، بۆ خوارووی عێراق. بڕیارەکەش جێبەدێ دەکرێت و ساڵی ١٩٦١ ناوبراو بۆ قەزای شەترەی سەر بە لیوای ناسریە دووردەخەنەوە. کەریم شارەزا، وێڕای ناخۆشی دوورخراوەیی، بەڵام لەوێ خەریکی کاری مامۆستایی بووە و وەک خۆی ئاماژە بەوە دەکات، کە کوردێکی زۆری لەوێ ناسیون، بەشێکیان کوردانی فەیلی بوون، کە جلوبەرگی عەرەبیان پۆشیوە. وە باس لەوەش دەکا کە زۆرێک لە برادەرانی پارتی لەوێ بوون، کە بە هەمان شێوە لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی دورخرابوونە بۆ ئەم ناوچەیە. شارەزا دەڵێت، بەهۆی بوونی ئەو هەموو کوردە لەوێ، هەستم بە غەریبی نەدەکرد، لەبەر ئەوەی هاوبیر و هاوزمانم بوون(٣٤).

---

(٣٢) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، گۆڤاری مێرگ، ل١١٣.

(٣٣) هەمان سەرچاوە، ل١١٢.

(٣٤) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، گۆڤاری مێرگ، ل١١٢.

لەوماوەیەی شارەزا دورخرابووەوە بۆ قەزای شەترە، وازی لەکاری حزبی هێنابوو، وە خەریکی کاری مامۆستایی بوو، لەو سەردەمە زیاتر خەریکی نووسین و بابەتی مێژوویی بوو، جگە لەوەی، خەریکی نووسینی هۆنراوەی سیاسی بوو، لێرەدا شارەزا هەڵوێستی سیاسی بەدیار دەکەوێت، کە هەمیشە فکر و یادی لەلای خاک و وەتەنی بووە، وە لەخەمی شارەکەی خۆیدا بووە، بۆیە ئەو دورخستنەوەی شارەزا بۆ شەترە وای کردووە ناڕەحەت بێت وەک لە هۆنراوەیەک نوسیویەتی:

نامەیەک لە شەترەوە

هەرچەندە ئێرەش خاکی دۆستانە

جەرگەی خەبات و جێی سەربەستانە

بەڵام خۆم لێرەو گیانم لە لاتان

دەسوڕێتەوە ماتو سەرگەردان

بەسەر قەندیل و هەیبەت سوڵتان

لە ٨ شوباتی ١٩٦٣، حزبی بەعس، بە کودەتایەکی سەربازی توانیان عەبدولکەریم قاسم بکوژن و وە دەست بەسەر دەسەڵاتداریەتی عێراقدا دابگرن، لێرەدا شارەزا خۆی شایەد و هاوسەردەمی ڕووداوەکە بووە، باس لەو ڕۆژانە دەکات وەک ڕۆژێکی نەگریسی ڕەش وەک پەڵەیەکی پیس لە مێژووی عێراق و دەڵێت: ڕژێمی بەعس هەموو ئازادییەکی لەمیللەت قەدەغە کرد و بەهەزارەها ئەندامانی شیوعی خستە زیندان، دیارە شاری شەترە دژی ئەو ڕژێمە بوون، وە حزبی بەعس بە هێز توانی دەست بەسەر ئەو شارەدا بگرێت، شارەزا دەڵێت: لەگەر گرتنی شارەکە، بەعس کەوتە گرتنی کوردە شیوعیەکان، لەوانە محەمەد علی دزەیی، مووسا خەلیل، موحسین زوبین ، بیلال بەهائەدین، گیران کە دیارە ئەمانە لە هاوڕێکانی شارەزا بوون، وە دەڵێت: ئەوکات مەترسی لەسەر منیش هەبوو، بەڵام خێزانەکەم ئامۆژگاری کردم کە ڕانەکەم، لەبەر ئەوەی ئێستا هیچ پەیوەندیەکی حزبیت بە شیوعیەوە نەماوە، بۆیە لەشوێنی خۆمان لە ناسریە ماینەوە[٣٥].

---

(٣٥) هەمان سەرچاوە، ل١١٤.

دوای ئەوەی لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦، سەرکردایەتی شۆڕش ڕێکەوتنیان کرد، شارەزا و بەشێک لە هاوڕێیانی، داوایان لێکرا لە بەرامبەر پاکانەکردن لە حزبی شیوعی بگەڕێندرێنەوە شوێنی خۆیان، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون، واز لە بیرو باوڕی خۆیان بهێنن، بۆیە داواکاریان پێشکەش بە وەزارەت کرد و داوایان کرد، بگوازرێنەوە بۆ پارێزگای هەولێر، دوای ئەوەی داواکەی قبووڵ دەکرێت ناوی لە یەکێک لە قوتابخانەکانی مەخموور دەگەڕێتەوە، لەوێ وەک مامۆستای زمانی عەرەبی بەردەوام دەبێت، لەسەر پیشەکەی وە ئەو ماوەیە پەیوەندی حزبی زۆر لاواز دەبێت خەریکی کاری مامۆستایەتی دەبێت.

کەریم شارەزا پەیوەندی لەگەڵ بەشێک لە سیاسەتمەدارانی کورد هەبووە، یەکێک لەوانە دکتۆر عەبدولرحمان قاسملۆ[٣٦] بوو، دیارە بەهۆی بەستنی کۆنگرەی مامۆستایان لە بەغدا لە ١٩٥٩ شارەزا چاوی بە عەباس ئەنوەری کەوتووە، کە ناوی نهێنی قاسملۆ بوو، بەو ناوە بەنهێنی هاتبووەتە بەغدا، ناوی ڕاستی خۆی شاردۆتەوە، کۆمەڵێک قسەیان پێکەوە کردووە، وە شارەزا زۆر سەرسامی بیری قاسملۆ بوو، وا وای زانیوە کەسایەتێکی سیاسی حزبی تودەی ئێرانیە، بەڵام دوای ١١ ساڵ و دوای ڕێکەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠، لە ئاهەنگی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کورددا، جارێکی دیکە چاوی بە عەباس ئەنوەری دەکەوێتەوە، لەوکاتە قاسملۆ ڕاستی خۆی بۆ شارەزا باس دەکات و پێی دەڵێت: کاکی شارەزا، ئەم جارە بەناوی ڕاستەقینەی خۆم هاتوومەتەوە کوردستانی باشوور، من دکتۆر عەبدوالرحمان قاسملۆم، بۆ پیرۆزباییکردن بە بۆنەی ڕێککەوتنی ١١ی ئادارەوە هاتوومەوە. شارەزا دەڵێت: لەگەڵ شەهید بوونی قاسلۆ لە ١٩٨٩ بە مردنی قاسملۆ، خەمێکی قووڵ دایگرتم، چونکە من دەزانم کورد چ کاریزمایەکی تێکۆشەری لەدەست دا

---

([٣٦]) **عەبدولڕەحمان قاسملۆ** (١٩٣٠ – ١٩٨٩)، زانای کوردی بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و خەباتکەر و پێشمەرگە و سکرتێری گشتی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی ساڵانی ١٩٧١ هەتا ١٩٨٩، دکتۆر قاسملۆ کاتێک لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ئامادەی وتووێژ سەبارەت بە ئاشتی نێوان کورد و ئێران بوون، لە شاری ڤییەنای وڵاتی نەمسا، بەدەست نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر دەکرێن. عەبدولڕەحمان قاسملوو–ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)

وەدەڵێت قەت ئەورۆژانەم لەیاد ناچێت کە چەند سوودم لە ئامۆژگارییەکانی قاسملۆ وەرگرتووە[٣٧].

(٣٧) کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، گۆڤاری مێرگ، ل١١٤.

**تەوەری سێیەم.**

## ڕۆڵی ڕۆشنبیری کەریم شارەزا

لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە، سەرەتا باس لەوە دەکەین چ شتێک وای کرد شارەزا ببێتەکەسێکی ڕۆشنبیرو شاعیر بێگومان بنەماڵەکەی ڕۆڵێکی زۆریان هەبووە لە پەروەردەکردن و ئاراستە کردنی شارەزا بۆ دونیای شاعرو ئەدەب ، هەروەک لەسەرتادا باسمانکردووە بنەماڵەیحەوێزیان کە چەندین کەسایەتی شاعیرو ئەدیبوو ڕۆشنبیری تێدا دەرکەوتووە ، ڕۆلی باوکی شارەزا مستەفا ئاغا کتێبانەی لە ماڵەکەیدا هەبووە کە دۆلابێکی گەورەی سێچاوەی لە داردروست کراو کۆمەڵێک کتێبی زۆری تێدابوو وەک کتێبەکانی فیردەوسی، سەعدی ، حافزی شیرازی، جەلالەدینی ڕۆمی (٣٨).

نەنکی شارەزا سوراحی خان کچی بەکرئاغای شاعیربووە، سوراحی خان دەکاتە داپیرەی هەریەک لە دلزارو شارەزا و فریشتە سوراحی خان لە قسەو گوفتاردا سەودای لەگەڵ شیعردانا هەبووە گوایە زۆر جار بە دەم قسە کردنەوەی شیعری وتووە بێگومان ئەوەش ئەوەدەسەلمێنیت کە بنەماڵەی حەوێزیان کۆمەڵێک شاعیرو ئەدیبیان لەنەوە بۆ نەوە پەروەردەکردووە (٣٩).

هەر لەناو خێزانی شارەزا جگە لە دلزاری براگەورەی خوشکە فریشتە شاعیر بووە کە ئەو لەسەر دەستی شارەزا فێری نوسینو خویندن بووە ئەمەش دوای ئەوە دێت کە شارەزا وانەکانی زمانی کوردی لە ماڵەوە فێری خوشکە فریشتە دەکات وە چەند پەرتووکێکی شیعری پێدەدات وە فریشتە خان حەزوخولیای شیعری بۆ دروست دەبێت، ناوی تەواوی خەدیجە مستەفا حەوێزیە لە ساڵی ١٩٢٦ لە گەڕەکی هەواوی کۆیە لەدایک بووە لەبەر خۆشەویستی پێیان وتووە فریشتە لەساڵی ١٩٤٨ چۆتە نێو حیزبی شوعی ئەوکات

---

(٣٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا بارزان کوڕی کەریم شارەزا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٩ بارزان کەریم مستەفا ، لە ١٩٥٩/١/٩ لە شاری کۆییە لەدایک بووە سێیەم کوڕی شارەزایەو لە ئێستادا پیشەی مامۆستای بیرکاریە لەشاری هەولێر.

(٣٩) غەمبار کەمال، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٣٦٢.

ناوبراو دوای چەند ساڵیک دەبێتە ئەندامێکی باڵای ئەم حیزبە لەکۆیە بەردەوام داکۆکی لەمافی ئافرەتان کردووە وە بەژداری چەندین کۆڕوسیمیناری کردووە ناوبراو یەکەم شیعر کە نوسیبێتی لەساڵی ١٩٤٣بووە فریشتە خان لەساڵی ٢٠١ کۆچی دوای کردووە گۆڕەکەی لەنزیک براکانی نێژراوە [٤٠]، شارەزا لەنێو ئەم بنەماڵە ڕۆشنبیرو نیشتیمان پەروەرە گەورە کراوە وە دوای چۆنی بۆ قوتابخانە زیاتر وانەی نیشتیمانی وەرگرتووە ئەوەش کاریگەریو ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ڕۆشنبیربوونی شارەزاو قەڵەمەکەی وەک چەکێک بەکار هێناوە، جگە لەوەش لەو سەردەمەدا شارەبا ئاشنا بووە بە ڕۆژناماو گۆڤار ئەویش بەهۆی هەبوونی دوو ناوەندی کتێب یاخود کتێبخانە لەشاری کۆی ،، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، کتێبخانەی کۆیسنجق لەڕێگەیم ئەم کتێبخانانەوە زۆرجار کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤار دەگەیەنرایە شاری کۆیە ئەمەش ڕۆڵی هەبوو لەسەر بەئاگابوونوو ڕۆشنبیربوونی لاوانی ئەم شارە [٤١].

**١. لەبواری نوسین و ڕۆژنامەگەرییدا:**

یەکەم بڵاوکراوەی شارەزا لە ڕۆژنامەی هەولێر بوولە ساڵی ١٩٥٢کە پێکهاتبوو لە زنجیرەیک لە شیعری وەسف وە شیعری فێرکردن[٤٢]. واتا سەرەتای بڵاوکراوەکانی شارەزای تازە پێگەیشتوو لە ڕۆژنامەی هەولێر[٤٣]، بوو دواتر لە ساڵەکانی ١٩٥٦- ١٩٥٨ کۆمەڵێک بابەتی شیعری ولێکۆلینەوەی ئەدەبی لە گۆڤاری (هەتاو) بڵاو کردۆتەوە ئەمە جگە لەوەی لەهەمان کاتتدا بابەتی جۆراو جۆری لە ڕۆژنامەی ژین، وە سەبارە بە کارکردنیی لە گۆڤاری هیوا، یەکەم بڵاوکراوەی لە ساڵی ١٩٥٧بوو کە شارەزا لەم بارەیەوە دەڵێت ، من چەند شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم لە گۆڤاری هیوا بڵاوکردەوە و خۆم بە

---

(٤٠) پەیجی تەلەفزیۆنی ژین (jintv).

(٤١) جەمال فەتحوڵلا تەیب، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨/ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی، کۆیە، ٢٠٠٨، ل١٤٠.

(٤٢) محمد مغدید عبدالله، ڕۆڵی کەریم شارەزا لەبواری ئەدەبی و ڕۆشنبیریو ڕۆژنامەنوسییدا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٢٢، ل ١٠٣.

(٤٣) ڕۆژنامەی هەولێر، ڕۆژنامەیەکی زانستی و ئەدەبی هەفتەی بوولەلایەن (کۆمەڵەی مامۆستایانی هەولێر)دەردەچوو ،یەکەم ژمارەی لە ساڵی ١٩٥٠ دەستەی بەرێوبەرانی ڕۆژنامەکە پێکهاتبوو لە جەمیل ڕەشید ،حوسێن ڕەشوانی،عیزەددین فەیزی، ئەستێرە سەعید جەمال جەمیل ١٤٠ ژمارەی لێ دەرچوو.

ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی ناساند و لەسەر شاعیریەتی حاجی مەلا عەبدولاَی جەلی زادەو پوختەیەک لە پڕۆژەی نووسینی کۆیە و شاعیرانیم نووسی. کاتێکیش گۆڤاری (شەفەق) لە ١٩٥٨/١٢/١ دا لەشاری کەرکووک بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچوو، چەند شیعرێکم تێدا بڵاوکردەوە، هەر لەو سەردەمەشدا لە گۆڤاری پێشکەوتن شیعر و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیم بڵاوکردۆتەوە، کە یەکێک لە هۆنراوەکانم بە ناوی شەو بوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی[٤٤] .

شارەزا ئەوەی لەسەرەتاییە باسی کرووە، لەبارەی کاری ڕۆژنامەی نوسی خۆی ، دەکرێ ناوی بنێین سەرەتاییەکانی بڵاوکردنەوەی بابەتە ئەدەبیەکانی شارەزا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان ، لەبەر ئەوەی لەو سەرەتایەدا باسی ئەوەی نەکردووە وەک ڕۆژنامەنوسێک هاتبێ کارو چالاکی پیشەی ڕۆژنامە نوسی ئەنجام دابێت ،  بەواتای ئەوەی هەواڵ یان وتار یان بابەتی ڕۆژنامەوانی بۆ ڕۆژنام یان گۆڤارێک نوسیبێت ، تەنها بەبەتی ئەدەبی و شیعری خۆی ناردووە بڵاوکراوەتەوە ، لەهەمان کاتدا دەبینین شارەزا ئەوەی لە بیرەوەریەکانی باسی کردوون  زۆر شیعرو بابەتی زیاتری لەو سەردەمەدا بڵاو کردۆتەوە ، بەڵام بەهۆی لەبیرچوونەوە یانی هەر هۆکارێکی تر بێت  کەمترینی لێ باس کراوە ، بەڕێز  کامەرانی کوڕی شارەزا کە هەڵسا بە کۆکردنەوەی ژیانی باوکی لە ڕۆژنامەکان باس لە گرفتێک دەکاتن کەهاتۆتە بەردەمی ئەویش جیاوازی سەردەمەکانی کە ئەو بابەتانەی تێدا بڵاو کراوەتەوە وە دەشڵێت باوکم لەتەمەنێکی درەنگ هەڵسا بە نوسینی ژیانی خۆی کە لەوکاتەدا نەشتەرگەری دەستەکانیمان بۆ کردبوو وە تەواو لاواز بوو بێگومان مرۆڤ بکەوێتە تەمەنی یادگەو بیری بەرەو لاوازی دەڕوات بۆیە کاک کامەران دەڵێت باوکم زۆر بابەتی تری لەبیر کردووە وە زۆر بە خێرای ژیانی خۆی نوسیوەتەوە[٤٥] .

لێرەدا باس لە بەشێک لەو شیعرانەی شارەزا دەکەین کە  لەناونیشانی دیوانە ئەدەبیەکانی بەرچاو ناکەون تەنها لە ڕۆژنامە بڵاو بۆتەوە ئەویش لە ژمارە ٢٠-٣٩ گۆڤاری پێشکەوتن

---

(٤٤) کەریم شارەزا ، بیرەوەریەکانی کاروانی ژیانم، ل ٢٤٤.

(٤٥) هەمان سەرچاوە ، ل٢٤٤

-التقدم له سالانی ١٩٥٨ بلاو کردونەتەوە ، تەممووزی ئازادی ، نووری سەعیدی گۆڕ بەگۆر، هێزی گەل ، بتۆپە ، هاتنەوەی قارەمانی کورد ، سرودی ڕۆڵەی نیشتیمان ، لێرەی ئەوەی بەدی دەکەین شیعری پیادا هەڵدان بەرچاو دەکەوێت نموونە تەممووزی ئازادی دیارە ئەم شیعری بۆ شۆڕشەکەی عبدالکریم قاسم نوسیوە جگە لەوە شیعری هاتنەوەی قارەمانی کورد بۆ هاتنەوەی بارزانی لە یەکێتی سۆڤیەت نوسیوە ئەمە پوختەیەک بوون لەو بابەتانەی شارەزا لە گۆڤاری پێشکەوتن بلاوی کردۆتەوە [٤٦].

ئەوەی بەدیدەکرێ شارەزا لە ماوەی تەمەنیدا، هەڵنەستاوە بە کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی و پەرش و بڵاوی زۆریان پێوە دیارە. کەم واهەیە لاپەڕەی ڕۆژنامە یان گۆڤارێکی سالانی زوو هەلبدەیتەوە و بابەتێکی شارەزا بەرچاومان نەکەوێت، کەم بۆنە و یاد و کۆڕی ئەدەبی هەیە، شارەزا وتار و بابەتی تێدا پێشکەش نەکردبێ، بەڵام بەداخەوە لە بیرەوەرییەکانیدا باسی نەکردوون، دەتوانین بەشدارییەکانی شارەزا لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان بۆ سێ قۆناغی مێژوویی دابەش بکەین ئەوانیش:

قۆناغی یەکەم: سەرەتای دەست پێکردنی بە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، تا ١١ ئازاری ١٩٧٠. دیارترین ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کەریم شارەزا بابەتی تێدا بڵاوکردۆتەوە، لە سەرەتای بلاوکردنەوەی نووسینەکانی تا ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ واتا قۆناغی یەکەم ڕۆژنامەی هەولێر، ڕۆژنامەی ژین، ڕۆژنامەی ئازادی، گۆڤاری هەتاو، گۆڤاری هیوا، گۆڤاری شەفەق، گۆڤاری پێشکەوتن[٤٧]

قۆناغی دووەم : ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠ ڕۆژنامەی هاوکاری، هەفتەنامەی برایەتی، ڕۆژنامەی التاخی وپاشکۆی ئەو ڕۆژنامەیە، هەفتەنامەی بیری نوێ، گۆڤاری هەولێر، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، گۆڤاری دەفتەری کوردەواری، گۆڤاری نووسەری کورد، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، گۆڤاری نووسەری نوێ، گۆڤاری ئاسۆی زانکۆ، گۆڤاری کاروان، گۆڤاری الثقافه، گۆڤاری الثقفه الجدیدة شارەزا، خشتەی نووسین و بڵاوکراوەکانی شارەزا لە گۆڤاری هەولێر، کە بڵاوکراوەیەکی

---

(٤٦) محمد مغدید عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦.

(٤٧) هەمان سەرچاوەی، ل ١٠٧

مانگانە بووە، شارەوانی هەولێر مانگی جارێک دەری کردووە. ژمارە یەک لە مانگی مایسی ١٩٧٠ دەرچووە[٤٨]

قۆناغی سێیەم: ئەم قۆناغە بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی شارەزا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ تا کۆتای ژیانی. شارەزا بەپێی گێڕانەوەی خۆی، یەکەمین ڕۆژنامە لە دوای ڕاپەڕین، کە بابەتی تێدا بلاوکردبێتەوە و کاری تێدا کردبێت ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە من لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ،یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٩٢ /١٢/١ دا لە شاری هەولێر، وەک نووسەری ئەدەبی بە مووچەیەکی ڕەمزی دامەزرام .... من تاکو پاییزی سالی ١٩٩٣ کارم لەو ڕۆژنامەیەدا کرد[٤٩].

کارکردنی کەریم شارەزا لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا، بوارێکی گشتگیر و فراوانە، ڕەهەندی سیاسی و کلتووری و مێژوویی و ئەدەبی و زمان و...هتد .لە خۆدەگرن . ڕەگی هەموو ئەو نووسینانەش لە ناخێکدا سەرچاوەیان گرتووە، کە ئامانجی خزمەت کردن بووە بە کورد و گەلی کوردستان .بەو واتایەی نووسینەکانی شارەزا زادەی بیرێکی پاک و بارگاویە بە مەسەلەی خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەی و نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و چەوسانەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤەوە . هەر وەک نووسینەکانی، بەڵگە و شایەدین لەسەر دڵسۆزی و ڕادەی کورد پەروەری ناوبراو، لە هەمان کاتدا هەڵوێستەکانیشی، هاوتەریبە لەگەڵ نووسینەکانی بۆ مەسەلەی خزمەت بە کورد و کوردستان .ئەو لە تەمەنێکی زۆر بچووک، جیاوازی دەکات لە نێوان مەلیکی کوردستان و مەلیکی عێراق، خۆشەویستی بۆ مەلیکی کوردستان شیخ مەحموود لە ناخیدا دەچەسپێت . .لە پێناو شکۆی خۆی و بیرو باوەڕی کوردایەتی، پاکانە پڕناکاتەوە و گوشار و هەڕەشە و دوورخستنەوە، لە خۆشەویستی بۆ کوردستان ساردی ناکەنەوە ئەگەر بەوردی تەماشای تێکڕای چالاکی و سەرجەم بەرهەمە دەگمەنەکانی، کە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کوردەواری لە ئاستی یەک کوردستان دا گرتۆتەوە،

---

(٤٨) هەمان سەرچاوە ، ل١٠٧

(٤٩) کەریم شارەزا ، بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم، ل٢٧٠.

ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە ئەو زاتە، خاوەنی قەڵەمێکی پێشەنگی مێژووییە، بەتایبەتی لە بارەی ژیاننامەی کەسایەتیەکانی کوردستان بگرە هی جیهانیش، هەروەها لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆر و بەراوردکردنی لەگەڵ ئەدەبیاتی نووسراودا، ئەوە نموونەیەکی کەم " وێنەیە، خۆیلەخۆیدا قوتابخانەیەکی ڕەسەنی کولتووری" وەیی مێژوویی بوو . بەواتایەکی دیکە، مامۆستای گەورەمان، بەشێکی زیندوی مێژووی کولتووری نەتەوەییمانە بە هەموو ڕەهەندەکانی، لەوەش ڕۆشنتر گەنجینەیەکی هەرە دەوڵەمەندی وشەی ڕەسەنی بەرهەم هێناوە[٥٠]

**باسی دووەم. ڕولی شارەزا لە بواری شیعرو پەخشاندا:**

سەبارەت بە سەرەتای دەرکەوتنی شارەزا ئایە لەڕێگای چیەوە بووە لەم بارەیەوە مامۆستا کامەران شارەزا دەڵێت سەرەتای پەنجاکان باوکم لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی شیعرو وتار لەڕۆژنامەکان ناسرا، کەریم شارەزا لە دوای پەنجایەکانەوە، دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی کردووە، سەرەتا بە ناوی کەریم مستەفا حەویزی خۆی ناساندووە، بەڵام ئەوە زۆر ناخایەنێ لە لایەن مامۆستا گیوی موکریانی، نازناوی شارەزا ی پێدەدرێت، کە جوانترین دیاری ئەو مامۆستا بەڕێزەیە بۆ کەریم شارەزا، تا دنیا ماوە وەک سێبەر لە باڵای جیانابێتەوە و بەو ناسناوە دەناسرێتەوەإ مامۆستا گیوی موکریانی ناوی نام شارەزا مامۆستا کەریم بە فرمێسکی گەرم یادگارە جوانەکانی خۆی دەگێڕیتەوە، کە چۆن لە پەنجایەکان، کاتێک دەستی لە ملی نووسین و دنیای نووسین کرد، ئەو وەختە دەیویست بابەتەکانی بە ناوی کەریم مستەفا حەویزی بڵاوبکاتەوە، بەتایبەتی لە گۆڤاری هەتاو، بەڵام مامۆستای نەمر گیوی موکریانی رایسپارد، کە ناوی کوردی هەڵبژێرێت، بۆیە بڕیاریدا کە نازناوی شارەزا هەڵبژێرێ، ئەمەش بووە مایەی دڵخۆشی بۆمامۆستا کەریم شارەزا ئیدی هەموو بابەت و کتێبەکانی خۆی بەو ناسناوەوە بڵاوکردەوە، ناسناوی بنەماڵە حەوێزی، ئیتر ناکەوێتە دوای ناوی مامۆستا کەریم و ناسناوی شارەزا جێگای دەگرێتەوە، هەروەک ئەحمەد ی براگەورەی بە دلزار و خەدیجەی خوشکی بە فریشتە و ئازادی برازای یە ئازاد دلزار،

---

(٥٠) محمد مغديد عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

له ناوەندی ئەدەبیدا، ناسراون .ناسناوی شارەزا هەربەوەندە واز ناهێنێ، کە بوەتە ناوی دووەمی مامۆستا کەریم، بەڵکو بووەتە ناسناوی منداڵەکانیش ، پێدەچێت لە ئایندە نەوەکانیشی ئەو ناسناوە هەڵبگرن .شارەزا لە درێژەی تەمەنی خۆیدا، کۆمەڵێک شیعری نووسیووە، یان لە کۆڕ و ئاهەنگ و بۆنەکان خوێندویەتیەوە، دوو کۆمەڵە شیعری بەچاپ گەیاندووە، ئازادی و ژیان ساڵی ،١٩٦٠ ڕێگەی دوور ١٩٧١. دواتر "هەردوو " کۆمەڵە شیعرەکە، لەگەڵ هەموو ئەوشیعرانەی دوای ئەو دوو کۆمەڵە شیعرە نووسراون، تا ژیانئاوایی، کۆکراونەتەوە و لە کتێبێکی نزیک بە ٤٠٠ لاپەرە، دوای ساڵێک لە کۆچی دووایی شارەزا، واتا لە ساڵی ٢٠١٦بە ناوی دیوانی شارەزا، لە لایەن خانەوادەی خۆی بڵاوکراوەتەوە[٥١]. بەرهەمە شیعریەکانی شارەزا ئەمانەن:

١. ئازادی و ژیان:

لە ساڵی ١٩٦٠ لە چاپخانەی وەفا لە بەغدا .بۆمان دەردەکەوێت، ناونیشانەکە بۆ ئەوسەردەمە بە تێڕوانینێکی سیاسییانە هەڵبژاردراوە، ئازادی مەبەست لێی ئازادی گەلانی عێراقە، لە دەست حوکمی پاشایەتی، ژیان ژیانێکی نوێ لە سایەی کۆماری نوێی عێراق و سەرۆکەکەی عەبدولکەریم قاسم بەڵام دواتر کە ڕاستی ڕژێمەکەی عبدالکەریم قاسم بۆ دەردەکەوێت بێ ئومێد دەبێت. شیعری ئازادی و ژیان[٥٢] لەوسەردەمەدا، لەوانەیە تاڕادەیەک خەڵک بەگشتی سەودای خوێندنەوە و وەرگرتنی چێژی لەم جۆرە پیاهەڵدانەی شۆرشەکە و سەرکردەکەی هەبووبێت، بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات، بە تایبەتی دوای دروست بوونەوەی ناکۆکییەکانی نێوان حکومەت و سەرکردایەتی کورد، لەو سەردەمەدا، ئەو حەزە - وردە وردە کاڵدەبێتەوە، ئەوە جگە لەوەی هەندێک پێیان وابوو، ئەوەی عەبدوڵکەریم قاسم کردی، شۆرش نەبوو بەڵکو کوودەتابوو .ئەو جۆرە شیعرە جگە لە تۆمارێکی مێژوویی بۆنەکانی ئەوسەردەمە، چێژی بەردەوام نابەخشن . دەکرێ هەرئەمەش یەکێک بێت لەو هۆکارانەی کەریم شارەزا، لە ڕابردوودا، زیاتر شیعری ئازادی نوسیووە دواتر ڕووی کردوتە شیعری مانادارو ڕەخنەیی.

---

(٥١) هەمان سەرچاوە، ل١١٠.

(٥٢) کەریم مستەفا حەوێزی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

٢. کۆمەڵە شیعری ڕێگەی دوور

دووەم کۆمەڵە شیعری شارەزا بە ناوی ڕێگەی دوور بڵاوکراوەتەوە، لە ساڵی ١٩٧١ ، بە یارمەتی وەزارەتی کاروباری ژووروو لە چاپدراوە، لە چاپخانەی نەعمان لە نەجەف .پێشەکی ئەم کۆمەڵە شیعرەش لە لایەن عەبدولرەزاق بیمار ەوە، نووسراوە. شیعری لەخۆگرتووە .مەبەستی ناونانی ئەم کۆمەڵە شیعرە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە گەلی کورد لەمێژە ڕێگەیەکی دووری گرتۆتەبەر، بۆ ئەوەی بگات بە ئامانج و مافەکانی .بەهۆی ڕێککەوتنی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ کورد توانی بە بەشێک لە مافەکانی بگات[٥٣].

٣. دیوانی شارەزا

دیوانی شارەزا، نزیکەی ٤٠٠ لاپەڕەیە، دوای کۆچی دوایی ناوبراو، لە لایەن ئەندامانی خانەوادەکەی لە ساڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوهەوە .لە بێشەکدا نووسدویانە :ئەم دیوانە سەرجەم شیعرەکانی شارەزای لە خۆگرتووە. پێشەکی دیوانەکە لە لایەن منداڵەکاندیەوە نووسراوە .لە لاپەرە ٨ دا چاومان بە نووسینێکی ئەحمەد دلزار ی شاعیر، برا گەورەی شارەزا دەکەوێت، بە ناونیشانی بە بۆنەی دێبەڕبوونی ساڵێک بەسەر کۆچی دوایی کەریم شارەزای نەمردا، دەربارەی ژیان و شاعیریەی شارەزا، ڕای خۆی نووسیووە، دواتر مومتاز حەیدەری، لە لاپەڕە ١٢ دوازدەدا، بابەێکی وەک پێشەکی نووسیووە، بە ناونیشانی شارەزای قەڵەم قوتابخانەیەکی کولتووری هەمەڕەنگ سەرنج و تێبینیەکانی خۆی دەربارەی کەریم شارازا و بەرهەم و بڵاوکراوەکانی خستۆتەڕوو .لە لاپەڕە ١٧ ئازاد دلزار برازای شارەزا، لە ژێر ناونیشانی چەند قسەیک هەندێک یادەوەری خۆی لەگەڵ شارەزا باس کردووە، لەگەڵ نیشاندانی ڕا و سەرنجی تایبەتی خۆی، دەربارەی شیعرەکانی شارەزا[٥٤].

٤. کۆیە و شاعیرانی

---

(٥٣) قارەمان حەیدەر رەحمان ،بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێر ١٩٧٥-١٩٩١ ،نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر، ٢٠١٤، ل ١٧٠

(٥٤) کەریم مستەفا حەوێزی، س.پ، ل ٨- ١٧

له لاپەڕەی یەکەمی کۆیەو شاعیرانی نوسراوە چەند لاپەڕەیک لە مێژووی ئەدەبی کوردی بەشی یەکەم شاعیرە کۆچ کردوەکان ١٩٦١ دە چاپخانە النجوم لە بەغدا لەچاپدراوە خۆی پێشەکی بۆ نوسیوە دواتر بە کورتی باسی مێژووی شاری کۆیەی کردووە .ئەم بەرهەمەی دابەشی سەر دوو تەوەرە کردووە تەوەرەی یەکەم باسی لە ١٦ شاعیرو ژیانەکەیانو نموونەی شیعریانی داناوە وەک شێخ مستەفا قوتبی، قاصد ،حاجی، کەیفی، حاجی مەلا عبدالله جەلی، ئەختەر، نیهانی، مەلای گەورە، صافی ، دڵدار. سەبارەت بە تەوەرەی دووەم بە ناوی باخچەی شاعیرانە، شاعیر ناویان هاتووە و نموونەی شیعریان تۆمار کراوە، ڕەشید ئاغای حاجی بەکرئاغا، مجرم، مەلا لامیع، خادم، هەوایی، منتظری، مەلا مستەفا فەقێ ئەحمەد، ڕەشیدی حاجی عەلی ، شێرکۆ بەڵام زۆر بەکورتی لێیان دواوە، نموونەی شیعریشیان کەمتر و کورتترە . ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، شارەزا تائەو کاتە هەر ئەوەندە زانیاری و نموونە شیعریانەی بەدەست کەوتووە[٥٥].

(٥٥) کەریم شارەزا ، کۆیە و شاعیرانی، بەرگی دووەم، ٢٠١٣

**ئەنجام :**

١. کەریم شارەزا، لەم بوارە ئەدەبیانەدا کاری کردووە: نووسینی شیعر، نووسینی دەقی شانۆیی، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، نووسینی ژیاننامەو پێشەکی بۆ دیوانی شاعیران.

٢. شارەزا وەک مێژوونووسێکی ئەدەبی، بەرهەمی زۆرە، لەم بوارەدا داهێنانی کردووە، بەپێی ناوچە، مێژووی ئەدەبی ناوچەی کۆیەی لە دوو بەرگدا نووسیوەتەوە، کە پێشتر ئەم کارە تەنها لەسەر ئاستی کوردستان کراوە،

٣. لە بواری هونەریدا، دووکتێبی هەیە، یەکەم نووسەری کووردە، کە لەسەرهونەرمەندی کوردی نووسیبێت " و نۆتەی گۆرانیەکانی نوسیبێتەوە. وەک: مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند لە تەرازووی ڕەسەنایەتییدا

٤. لە بواری فۆلکلۆر و کەلەپووری کوردیدا، خاوەنی دووکتێبی چاپکراوە، لەگەڵ کتێبێکی دەستنووس کە ئامادەیە بۆ چاپکردن. یەکەم نووسەری کوردە، پەندی کوردی هاوشانی پەندی بیانی بەراورد کردووە.

٥. لەبارەی زمانەوە، کاری زۆری لەسەر دەوڵەمەند کردن و پاراستنی زمانی کوردی کردووە، جگە لە کتێبی نالی و زمانی یەکگرتووی کوردی، لەو بارەیەوە نووسینی زۆری هەیە، هەوڵیداوە زمانی شیعری نالی بکرێتە زمانی یەکگرتووی ئەدەبی کوردی

٦. لەبارەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا، لە ماوەی سالانی ١٩٦٠ تا ١٩٧١ دوو کۆمەڵە شیعری بڵاوکردۆتەوە، دواتر هیچ کۆمەڵە شیعرێکی خۆی بە چاپ نەگەیاندووە، لە پاش مردنی خانەوادەکەی دیوانەکەیان چاپ کردووە، بۆیە هەست دەکەین لەپاش حەفتاکانەوە، قەڵەمەکەی زیاتربۆ نووسینی، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە تەرخانکردووە و تیایدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە

٧. بەشێک لە سروود و شیعرەکانی، بەرهەمی سالانی پەنجایەکانی سەدەی ڕابردوون، وەک هێزی گەل، لە خەو ڕاپەڕە، نەورۆزە مەستم ... هتد. لە لایەن هونەرمەندە گەورەکانی کورد ئاوازیان بۆ داندراوە، وەک: باکووری و تایەر تۆفیق و فوئاد ئەحمەد و... هتد. لە قوتابخانەکانیش لە لایەن قوتابیان گوتراونەتەوە، تائیستاش وەک گەوهەرێک دەبریسکێنەوە. بەلام لەوە بەدواوە جگە لە شیعری ئالای میللەت کە لە ١٩٧٢ نووسراوە، هیچ شیعرێکی دیکەیمان بەرچاو نەکەوتووە، بەم شێوەیە دەنگدانەوەی شارەزا، لەگەڵ ئەوەی خۆی مامۆستای بنەرەتی بووە، بەلام بەهۆی زیرەکییەکەی، لە سالی ١٩٨٧. لە لە زانکۆی سەلاحەدین، بابەتەکانی ئەدەبی بەراوردکاری و ڕەخنەی ئەدەبی گوتۆتەوە.

٩. شارەزا کەسێکی کۆمەڵایەتی بووە، زۆرترین بەرهەمەکانی بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەرانی تر ئەنجام داوە

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم. کتێب**

**١. کوردی**


- جەمالی فەتحوڵڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی، کۆیە، ٢٠٠٨
- کامەران شارەزا، دیوانی شارەزا، هەولێر، چ١، چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٦.
- کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١.
- کەریم شارەزا، دیوانی کان ، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨٧.
- کەریم شارەزا، ڕێگەی دوور، چاپخانەی النعمان، النجف ،١٩٧١
- کەریم شارەزا، سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتییدا، بەغدا، ١٩٨٢.
- کەریم شارەزا، کۆیەو شاعیرانی، ب٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١١.
- کەمال غەمبار، بەرەو جیهانی شیعری چەند شاعیرێک ، دەزگای چاپی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.
- ئەحمەد دڵزار، بیرەوەری ڕۆژانی ژیانم، ب١، وەشانخانەی سارا، سوید، ١٩٩١.


**٢. عەرەبی**


- حيدر نجم عبد مراد (المقدم الركن)، معجم ضباط ثورة ايلول ١٩٦١-١٩٧٥، دەزگای ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەوانیدیکە، دهۆک، ٢٠٢١.


**دووەم. گۆڤار:**


- کەریم شارەزا، کاروانی ژیانم، گۆڤاری ڕامان، ژ(١٨٦) ، تشرینی دووەمی ٢٠١٢.
- کەریم شارەزا، گەشتی ژیانی مامۆستاییم، گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی، ژ(٤٤)، نیسانی ٢٠٠٤.

- کەریم شارەزا، یەکەم بیرەوەرییم لەگەڵ دڵداری شاعیری تێکۆشەردا، ڕۆژنامەی هاوکاری، (٣٠٥)، ١٩٧٦/٤/١.

**سێیەم. تێز و نامەی زانکۆیی:**

- قارەمان حەیدەر ڕەحمان، بزوتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری هەولێر١٩٧٥-١٩٩١ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە ، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠١٤.
- محمد مغدید عبدالله، ڕۆڵی کەریم شارەزا لەبواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنوسییدا، ماستەرنامە، زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠٢٢.
- هۆشەنگ ساڵح محەمەد، بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی لە شاری بەغدا ١٩٥٨-١٩٧٥/ لێکۆلینەوەکی مێژووییە، دکتۆرانامە، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٩.
- هۆشەنگ ساڵح نەجار، بزافی ڕۆشنبیری لەشاری هەولێر ١٩٥٨-١٩٧٥/لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین ، ٢٠١١.

**چوارەم. چاوپێکەوتن.**

- بارزان کەریم شارەزا، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/١٠/٩ لە شاری هەولێر.

**پێنجەم. پێگەی ئینتەرنێت:**

- پەیجی تەلەفزیۆنی ژین (jintv).
- حاجی قادری کۆیی - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)
- دڵدار - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)
- سایتی (kurdistantv.net)
- سایتی (kurdistantv.net)
- شێخ مەحموودی حەفید - ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد(wikipedia.org)
- صالح جبر – ويكيبيديا (wikipedia.org) .
- عەبدولڕەحمان قاسملوو-ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد (wikipedia.org)
- المعاهدة الأنجلو عراقية (١٩٤٨) – ويكيبيديا (wikipedia.org)
- مهاتما غاندي - ويكيبيديا(wikipedia.org)